ناسۆ جەلال : . . . . ل٣
ئەمریکا دیموکراسی سەربازی یاخود دیکتاتۆری سیاسی

کاکە رەند : . . . . ل٤
زیادکردنی مووچە گرانی بازاڕ کۆنترۆڵ ناکات

وەرزش : . . . . ل١١ سبەی
هەڵبژاردەی عێراق و قەتەر یاری دەکەن

## ئاگادارییەك لە ریگای کوردستان ەوە

ریگای کوردستان لاپەڕەکانی خۆی بۆ خوێنەرانی دەخاتە سەر پشت بۆئەوەی هەر تێبینیەکیان لەسەر هەر بابەتێکی بلاوکراوە لە هەفتەنامەکەدا هەبێت بە چەند دێرێکی کورت بۆ هەفتەنامەی ریگای کوردستانی بنێرن و، لە ژمارەکانی داهاتوودا بلاویان دەکاتەوە. با بۆچوونەکان ناوی نووسەرەکانی لەسەر بێت ، هەروەها مەرج نییە خوێنەر بەزمانێکی ئەدەبی بنووسێت گرنگ بیروبۆچوونەکەیەتی لەسەر بابەتەکە ، کە هەفتەنامەکەمان بەخۆشحالییەوە بلاویان

# ریگای کوردستان

یەکەمین ژمارەی بە ناوی (ئازادی) یەوە لە نیسانی ١٩٤٥دا دەرچووە

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

نیشتمانێکی ئازاد وگەلێکی بەختیار
دیموکراسی بۆ عێراق و
ماف بریاردانی چارەنووس
بۆ گەلی کوردستان

هەفتەنامەیەکی سیاسییە، حزبی شیوعی کوردستان دەریدەکات | ژمارە (٧٢٤) | چوارشەممە ٢٠٠٧/١/١٧ | بەفرانبار ٢٧٠٦

# هاندانی پرۆژەی بچووك هۆکارێکە بۆ چاککردنی ژیانی لاوان و پەرەپێدانی بەرهەمی ناوخۆیی

بۆ ساڵی ٢٠٠٧ چەند هەزار پرۆژەی بچوك بە قەرزی درێژخایەن بۆ لاوانی شارەکانی ناوەراست و باشووری عێراق لە رێگای بانکێکی تایبەت و بودجەیەکی دیاریکراوەوە بڕیاردراوە، و ئەو هەنگاوە وەك سەرچاوە رەسمییەکان رایدەگەێنن لەداهاتوودا هەموو عێراق دەگرێتەوە.

لە کوردستانیشدا، بیرکردنەوە لە چارەسەرکردن و باشترکردنی ژیانی لاوان و بەتایبەتی دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکان و سوود وەرگرتن لە تواناکانیان و هاندانیان بۆ داهێنان لە ژیانی خۆیاندا بە پاڵپشتیکردنیان لەرێگای بوودجەیەکی تایبەتەوە و دامەزراندنی بانکێکی حکومی فەرمی بۆ ئەو مەبەستە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ دابینکردنی ئایندەی لاوانمان و هەروەها هۆکارێکی گرنگیشە بۆ بەرگرتن لە دیاردەی بێکاری داپۆشراو (البطالة المقنعة) و کەمکردنەوەی رێژەی هەڵاوسانی دراو و بەپێی پلانێکی تۆکمە کە هۆکار بێت لە دارشتنی ستراتیژێکی ئابوری درێژ خایەن لەبری ئەو بارەی لاوانی ئێستای کوردستان تێدا ژیان دەکەن کە جگە لەوەی جۆرێك لە بڕوا نەبوون بە ئایندەیان لا دروست بووە هەر خودی ئەو لاوانە کە تادەرچوونیان لە زانکۆ وپەیمانگاکان لەسەر ئەرکی حکومەت پێدەگەێنرێن و بە هەزاران دۆلاریان لێ خەرج دەکرێت ، لە دوای تەواو کردنی ماوەی خوێندنیان و شارەزاییان جارێکی دیکە دەبنەوە بارگرانییەکی ئەوتۆ لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بەدەست زۆری مووچەخۆرانەوە دەناڵێنێ و دەیەوێت لەرێگای خەسخەسەکردنی هەندێك کارگەو بەشە خزمەتگوزارییەکان و رەوانەکردنی لێستێکی درێژی فەرمانبەرانی بۆ وەزارەتی کار و پێدانی مانگانەیەکی کەم خۆی لەو رێژە زۆرە دەرباز بکات . کەچی لەبەرامبەر بێکارییەکی زۆرتر لە شەقامەکان دروست دەبێت ،بۆیە ئەگەر وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەهاوکاری شارەزایان لە بواری پلانی درێژ خایەن بۆ هاندانی پرۆژەی بچوك بە قەرزێکی کەم و دانەوەی لەسەرخۆ هانی لاوان بدات تاوەکو بتوانن خۆیان ببنە خاوەن داهێنانی نوێ و خۆیان و لەرێگای بەرکرێگرتنی دەیانی دیکەش لە هاو تەمەنی خۆیان لە بێکاری رزگار دەکەن و بەرهەمی ناوخۆییش پەرەی پێدەدرێ و گیانی رکابەری و باشترکردنی کالاو بەرهەمەکانیش باشتر دەبن.

## بەرێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر بۆ رێگای کوردستان:

## ▪ پرۆژەی ٣٠٩ بینایەی قوتابخانەمان لەبەر دەستەو دەبێت ئەوساڵ تەواوبێت

## ▪ قوتابی شەشی سەرەتایی تەنها دوو تاقیکردنەوە دەکات



لەبەدواداچوونێکی تایبەتی رێگای کوردستان دا لەسەر رەوشی پەروەردەو کیشەکانی خوێندن و قوتابخانەکانو پرۆژەی بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر ، بەرێز خاتوو پاکیزە تەلعەت بەرێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر لەمەڕ کێشەی کەم قوتابخانە گوتی: پرۆژەی دروستکردنی ٣٠٩ بینایەی قوتابخانەمان لەبەردەستدایە تەنها بۆ سنووری هەولێر و دەوروبەری و ئەبێ ئەمساڵ تەواو بکرێن، هەروەها لە سەر رەوشی خوێندن و ئەزموونەکان بەرێزی ئاماژەی بەوەدا کە نزیکەی نیو ملیۆن قوتابی بەشدارن لە ئەزموونەکانی نیوەی ساڵدا بە هەرسێ قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی وئامادەیدا، لەتەوەرێکی دیکەی بەدواداچوونەکەدا بەرێوەبەری گشتیی پەروەردە ئاماژە بەوەدەکات کە لەبەرنامەیاندایە تایبەتمەندی باری ژیانو گوزەرانی ئەو مامۆستایەنە لەبەر چاوبگرن کە لە شوێنە دوورەکان وانە دەڵێنەوە، گوتیشی زەحمەتە بۆ مامۆستایەکی تازە دامەزراو بە ١٢٥ یان ١٧٥ هەزار دینار لە شوێنە دوورەکان دەوام بکەن، لە پلانی ساڵی داهاتوو دا دەبێت کە دەرماڵەی تایبەتیان بۆ ببڕینەوە. هەوەرها گوتیشی کە وەزارەت بڕیاری لەسەر کۆکردنەوەی وانەکانی پۆلی شەشی سەرەتایی داوە کە بکرێتە دوو وانە، واتە وانەکانی کوردی و ئینگلیزی و عارەبی بەیەك تاقیکردنەوە و زانستەکان و بیرکاریش بەیەك تافیکردنەوە لە کۆتایی ساڵدا ئەنجامی دەدات و وانەکانی کۆمەلایەتی دەبێتە (لاسەڤ )، بەلام تائێستا لەلای ئێمە لەژێر گفتوگۆدایە.لەژمارەی داهاتوودا تەواوی بەدواداچوونکە بلاودەکەینەوە.

## پرۆفیسۆری مادده ژەهراوییەکان لەدانیشتنەکانی دادگایی تاوانبارانی ئەنفال ئامادە دەبێت

نوێنەری ناوەندی ( چاك ) لە کوردستان بە تایبەتی بە ماڵپەری ئازادیی راگەیاند پاش ئەوەی لە مانگی ١٢ ی ٢٠٠٦ دا ناوەندی چاك بە رەسمی سکالای یاسایی لە دژی (وەفیق ئەلسامەرایی ) بەرێوەبەری هەوالگریی سەربازیی رژێمی پێشوو و راوێژکاری سەربازیی سەرۆك کۆماری ئێستای عێراق تۆمارکرد و تۆمەتی یەکێك لە دارێژەرانی پرۆسەی ئەنفالەکان بووە دژی کورد، سەر لەنوێ داوایەکیان پێشکەش بە دادگای لێکۆلینەوەی تایبەتی عێراق ( نوسینگەی هەولێر ) کردووە تا بەدەم ئەو سکالایەی ناوندی ( چاك ) ەوە بێن و ناوبراو راپێچی لێکۆلینەوە بکەن. هەر ئەو نوێنەرەی چاك ئاشکرایکرد کە بریارە ١٥ / ١ / ٢٠٠٧ وەفدێکی ناوەندی چاك هاورێیەتی پرۆفیسۆری ئەلمانی (فرالینکە گێرهارد ) پسپۆری مادە ژەهراوییەکان بکەن بۆ عێراق تا لە یەکێك لە دانیشتنەکانی تایبەت بە دادگایکردنی سەرانی ئەنفالچی بەعس لە بەغدا شایەتی لەسەر بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لە دژی هەلەبجە و گوندەکانی کوردستان بدات. .

## دهوك: گوهرینا رێڤەبەرێ گشتی یێ پەروەردەێ و سەرۆکێ باژێرڤانییێ

## کۆنفراسێ دوویێ ژینگەهێ ل بەهارا بهێت دێهێتە گێران

پ. دهۆك

ل رۆژا دووشەمبێ رێکەفتێ (١٥ / ١ / ٢٠٠٧) رێزدار تەمەر رەمەزان پارێزگەرێ دهۆکێ کومبینەك دگەل لیژنا ئامادەکاریا گرێدانا کۆنفراسێ دوویێ ژینگەهێ گرێدا دکومبینێدا بەرپرسێ هێزا پاراستنا ژینگەهێ ل دهۆکێ روونکرن دا نەوان بەرهەڤیا یێن لیژنا ئامادەکارا کۆنفراسێ ژینگەهێ پێ رابوین بۆ گرێدانا کۆنفراسێ کو بڕیارە ل بەهارا بهێت بهێتە گرێدانو چەندین شارەزا لناف وەلاتیو دەرڤەی هەرێمێ بهێتە گازیکرن .پارێزگەرێ دهوکێ تەئکیدکر کو یاگرنگە کەسانێن شارەزاو تایبەتمەند بوو کۆنفراسێ بهێنە بانکرنو دەست خۆشی ل لیژنا ئامادەکارا کرو پشتە ڤانیا پارێزگەهێ بو کارێن کۆنفراسێ دیارکر. برێارە لبەهارا بهێت کونفراسێ دوویێ ژینگەهێ کویێ تا بیبەتە ل دوور ئاڤێ بهێتە گرێدانو تەوەرێن کۆنفراسێ کێ لدور(ژێدەرێن ئاڤێ/ ئاڤو عەمبار کرن/ ئاڤ و سیاسەت/ئاڤ و پیسبون/ئاڤ و ئابور/جۆرێن ئاڤێ) بن .

ل دویف بەرنامێ کارگێریا پارێزگەها دهوك یێ گۆڕینا دناڤ داموو دەزگەه هێن میری دا ( ٨/١/٢٠٠٧) ب ئامادەبوونا رێز دار (تەمەر رەمەزان) پارێزگەهێ دهوکێو قائیمەقامێ قەزایێ رێ ورەسمێن گۆهڕینا رێڤەبەرێ گشتی یێ پەروەردێ هاتنە گێرانو (وارکیس مورسیس سەرکیسیان ) لشوینا (حەمید سالح عەبۆ ) هاتەدانان.هەر ل هەمان روژ گوهرینا سەروکێ باژێرڤانیا دهوکێ هاتە گێرانو(شێروان واحید حاج مەلۆ) لشوینا( هاشم مەحەمەد مستەفا)هاتە دانان.

ل ڤان رێو رەسما پارێزگەرێ دهوکێ ئاماژەدا گرنگیا گوهڕینا دکارێن کارگێری دا کو ئارمانج ژێ پێش ئێخستن و پێشڤەبرنا ئاستێ خزمەتکرنێ یە وجودا جود اسوپاسیا هەردوو ریڤەبەرێن پەروەردێو باژێرڤانیا دهوکێ کرن وپیروزباهی ل هەر دوورێڤە بە رێننووی کر و تەئکید ل سەر هە ڤکارێ دناڤبەرا بەرپرسێن پشکا و رێڤە بەرێن نووی کر دا پتر خزمەت بهێنە پێشکێش کرن.

## شارەوانی سلێمانی زەوی ئیفرازکراوی نییە

## عەلی عومەر : بەبڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دابەشکردنی زەوی راگیراوە

لە لێدوانێکی تایبەت دا،عەلی عومەر لێپرسراوی بەشی زەوی و زار بۆ رادیۆی ئازادی ،سەبارەت بە دابەشکردنی زەوی بەسەر فەرمانبەرانی سلێمانیدا ،بەرێزیان لە قسەکانیدا گوتی کە ئێمە ئێستا نزیکەی ١٠ هەزار ناوی فەرمانبەرانمان لە دایەرەی ئامار بۆ هاتووە کە بەپێی خاڵەکان خزمەتی ساڵانە رێزبەندی کراون بۆ ئەوەی زەویان بەسەردا دابەشبکرێت، ئەو فەرمانبەرانەی کە لەدایەرەکانیانەوە ناویان داخلی ئەو لیستەکراوە و بۆ ئامار ناردراوە و لەوێوەشەوە بۆ ئێمە هاتووە رۆژانە هەندێکیان سەردانمان دەکەن بۆئەوەی بزانین مەسەلەکە چی بەسەراهاتوە، بەلام ئێمە ناتوانین هیچ پارچە زەوییەك دابەشبکەین چونکە لە بەرواری ٨ / ٢ / ٢٠٠٦وە بریاری ژمارە ٧٣٠٤ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان بۆ هاتووە و بەپێی ئەو بڕیارە ناتوانین زەوی بۆ هیچ کەسێك دابین بکەین.خۆ ئەگەر بریاریش بیبێت بۆ دابەشکردن ئێستا لەشارەوانی سلێمانی هیچ زەوییەکی ئیفرازکراومان نییە.شارەوانی بەنیازە بۆماوەی داهاتوو کار لەسەر ئیفرازکردنی زەوی نیشتە جێبوون بکات.

## تاوانێکی نەخشە بۆ کێشراو لە پشت قەیرانی سوتەمەنیوەیە

رۆژی یەکشەممەی رابردوو حکومەتی عێراق پەرلەمانی ئاگادارکردەوە کە چەکدارە توندرەوەکان دەستیان بەسەر داهاتێکی زۆردا گرتووە کە خۆی لە ملیارو نیوێك دۆلار دەداتو لە رێگەی پالاوگە نەوتییەکانی عێراقیشەوە نەخشەی دزینی ئەم داهاتەیان دارشتووە. دکتۆر بەرهەم سالح جێگری سەرەك وەزیران لە کاتی خوێندنەوەی بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ ئاشکرای کرد کە تاوانێکی نەخشە بۆ کێشراو لە پشتەوەی قەیرانی سوتەمەنییەوەیە لە عێراقدا، لەگەڵ ئەوەشدا کە وڵاتەکەمان بە سێیەم وڵات دانراوە لە هەبوونی نەوتی یەدەگ.

هەروا بەرێزی ئاشکرای کرد کە دەستو کەسی دیارهەن لەناو بەرێوەبەرایەتیەکاندا کە هۆکاری ئەم گەندەڵیو دزیەی داهاتی نەوتن، روونی کردەوە کە تەنها لە پالاوگەی بێجیدا ملیارو نیوێك دۆلار دیارنەماوە، کە زۆربەی ئەم پارانە دەخرێنە بەردەستی گروپە توندرەوەکانو ئەوانیش بە چەكو تەقەمەنی دەدەنو دژی هاووڵاتییانو دەزگا حکومیو ئاسایشیەکان بەکاری دەهێنن.

## پارچەیەك زەوی و ١٠ ملیۆن دینار بۆ ئاوارە گەڕاوەکانی کەرکوك

لیژنەی بالای جێبەجێکردنی ماددی ١٤٠ی لە بارەگای ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی لەبەغدا کۆبوونەیەکی دیکەیان ئەنجامدا وبەرێز کاکە رەش سدیق لێپرسراوی مەکتەبی کەرکوکی جێبەجێکردنی ماددی ١٤٠ی بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند کە لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردراوە کە هەر خێزانێکی گەڕاوە بۆ کەرکوك پارچەیەك زەوی و ١٠ملیۆن دینار وەکو قەرەبوو وەردەگرێت ، و هەروەها لەبارەی ئەوانەی بۆناوچەکانی خۆیان دەگەرێنەوە ، عارەبە هاوردەکان بەپێی ئالیەتێکی گونجاو قەربوو دەکرێنەوە.

## مانگرتنی قوتابیانی کۆلێژی پەروەردەو بنیاتی زانکۆی سلێمانی درێژەی هەیە

زیاتر لە چوار رۆژە قوتابیانی کۆلێژی پەروەردەو بنیاتی زانکۆی سلێمانی لە بەردەم پەرلەمانی کورستاندا دەستیان بە مانگرتن کردووەو سوورن لەسەر بەردەوامبوونی تاکو جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان.

شیاوی باسە ئەو قوتابییە مانگرتووانە کە ژمارەیان (٢٠) قوتابییە لە شاری سلێمانییەوە هەفتەی رابردوو بەپێ کەوتنە رێگا بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان لەشاری هەولێر، داواکاری هەرە سەرەکی ئەو قوتابییانە پێداگریانە لەسەر ئەو بڕیارەی کە قوتابی دوای دەرچوونی لەم کۆلێژە دەبێت لە قوتابخانەی سەرەتایی ببێتە مامۆستاو وانە بلێتەوە، هەرچەندە بڕوانامەکانیان حیسابی بەکالۆریسی بۆ دەکرێت، بەلام قوتابیان لە بەرامبەر ئەو بڕیارەدا نارازینو دەڵێن چۆن دەبێت.

چوار ساڵ وەك هەر کۆلێژێکی تر بخوێنین کەچی دواجار بمانکەن بە مامۆستای سەرەتایی؟!ئەمەو جگە لەو بڕیارە قوتابیان چەندین داواکاری تریان خستۆتەڕوو.

شیاوی باسە کۆلێژی ناوبراو لە رۆژی ١٩/ ١٢/ ٢٠٠٦ یاداشتنامەو ئیمزای سەرجەم قوتابییانی کۆلیژەکەیان گەیاندۆتە راگرایەتی کۆلێژو سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانیو رۆژی ٢١/ ١٢/ ٢٠٠٦ بەزریان کردۆتەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستیو تاکو ئێستاکەش قوتابیانی کۆلێژەکەیان لە زانکۆی سلێمانی بەشێکی زۆریان ناچنە هۆلەکانی وانە وتنەوە ئەمەش وەك پالپشتیو هەلوێستێك بۆ ئەو (٢٠) قوتابییەی کە ئێستا لە بەردەم پەرلەماندا داواکانی کۆلیژەکەیان خستۆتەڕوو مانیان گرتووە.